سودانی وفیدان گفتوگۆیان لەسەر ژمارەیەك پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هاوبەش کرد

محەمەد شەیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەمیانەی پێشوازیکردنی لە هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا گفتوگۆیان لەسەر ژمارەیەك پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هاوبەش کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران، ئەمە یەکشەممە محەمەد شەیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی کرد لە هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە میانەی دیدارێکدا پەیوەندییە دوقۆییەکانی نێوان هەردو وڵاتیان تاوتوێکرد، گفتوگۆیان لەسەر ژمارەیەك پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هاوبەش کرد، بەتایبەتی پێشهاتەکانی ناوچەکە و ئوداوەکانی سوریا، هەر لە دیدارەکەدا دوایین پێشهاتەکانی سوریا و غەززە و لوبنان تاوتوێکران و جەخت لەسەر گرنگی پابەندبون بە ئاگربەست کرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لە گرنگی یەکخستنی هەوڵەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە کرا، بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە سەقامگیرییەکەی، لەمبارەیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لە ئامادەیی عێراق کردەوە بۆ هەماهەنگیکردن لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا سەبارەت بە ئەو پێشهاتانەی کە لە گۆڕەپانی ناوچەیی بەدی

کراون و جەختی لە لەتکردنەوەی عێراق کردەوە بە ئەوەی سوریا ببێتە گۆڕەپانی ململانێکان وتیشی، "عێراق کار دەکات بە چەسپاندنی سەقامگیری لە سوریا بەهۆی لەنگدانەوەی لەسەر ناوچەکە بەگشتی".

سەبارەت بە هاوکاری هاوبەش لەگەڵ تورکیا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەسەر بەدواداچونی حکومەت کردەوە، بە دەسیەی پەیوەندییە دوقۆییەکان و جێبەجێکردنی ئەو یاداشتنامە لێکتێگەیشتنانەی کە لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بە ئەنقەرە لە مانگی (نیسان/4)ی ساڵی ڕابردو واژۆ کران.

لە لای خۆیەوە هاکان فیدان سەاوی سەرۆك کۆماری تورکیای گەیاندە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و خواستی وڵاتەکەی دەربڕی بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ عێراق لەسەر پێشهاتەکانی ناوچەکە، ئاماژەی بە خواستی تورکیا کرد بە پەرەپێدانی هاوکاری لە پەیوەندییە دوقۆییەکاندا، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی هەردو سەردانە هاوبەشەکەی سودانی و سەرۆك کۆماری تورکیا.

وەزیری دەرەوەی تورکیا جەختی لەسەر جدیەتی وڵاتەکەی کردەوە بە کارکردن لەسەر پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی ستراتیژی و ئەوەی تایبەتە بە هاوکاری لە چوارچێوەی ئەو یاداشتنامە لێکتێگەیشتنانەی کە لە نێوان هەردو وڵاتدا لە بوارەکانی وزە و پەروەردە ئاوگۆی بازرگانی و هاوکاری بانکی و بوارەکانی تر واژۆ کراون.